لە ڕاپەرین ئافرەتێک بە کوژراوی بەهۆی ئەشکەنجەوە دۆزرایەوە

پۆلیسی ڕانیە ڕایگەیاندووە، کاتژمێر 8:20 خولەکی شەوی دوێنێ پێنجشەممە تەرمی ئافرەتێک بەناوی (پـ، أ، ح) لەدایکبووی ساڵی 1973 دانیشتووی گوندی گردجان سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە کە شوێنەواری ئەشکەنجە بە جەستەیەوە دیارە.

بەوتەی کەسوکارەکەی قوربانیەکە، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەناوی (أ. م، ح) لەدایکبووی 1971 ئەشکەنجە دراوەو بەوهۆیەوە گیانی لەدەستداوە.

لەکۆتایی تەرمی قوربانییەکە دوای ئەنجامدانی پشکنینی توێکاری لە پزیشکی دادوەری ڕانیە ڕادەستی کەسوکاری کرایەوە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕاشیگەیاندووە، پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کرایەوە، دادوەر بڕیاری دا بە ڕاگیرکردنی تۆمەتبار بەپێی مادەی (406 لە یاسایی سزادانی عێراقی) لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە.